## Wikipedia

Wikipedia ماڵپەڕێکی مەزنی زانیارییە بە زمانی ئینگلیزی و چەندەها زمانی دیکەی ئوروپی کە لە راستیدا ئەنسیکۆپێدیایەکی ئینترنێتییە بە نووسراوە و وێنە و نەقشەوە.

زانیاریی ناو Wikipedia گەلێک هەمەلایەنی و بەربڵاوە و سەبارەت بە زۆربەی دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ لە جوغرافیا و مێژوو و زانست و ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگەوە تا قامووسی وشە و بە گشتی زۆربەی ئەو بابەتانەی کە خوێندکار یا خوێندەوارێک واهەیە پێویستی پێیان بێت، وتاری تێدا بڵاوکراوەتەوە.

گەڕان بەشوێن بابەتێک لە Wikipedia دا گەلێک هاسانە و دەکرێت راستەوخۆ ناوی دیاردە یاخود بابەتەکە لەسەر شوێنی تایبەتی خۆیدا تایپ بکە یت یا ئەوەی بە گوێرەی چەشنایەتی بابەتەکە بە شوێنیدا بگەڕێیت. لە لاپەڕەکانی سەرەتای Wikipedia دا ئیندێسێک بە گوێرەی ئەلف و بێ ئامادە کراوە کە راستەوخۆ خوێنەر دەباتە سەر شوێنی داخواز.

بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت بە شوێن بابەتی سەبارەت بە بۆکاندا بگەڕێین دەبێ یەک لەو رێبازانە هەڵبژێرین و لە وشەی Bukan (هەر لە ژێر ئەو ناوەدا، لە ئەفغانستانیش شارێک هەیە) بگەڕێین. ئەم ماڵپەڕە و ماڵپەڕی Google Earth یش (بڕوانە بەشی ١٣٩ی ئەم زنجیرەیە) بۆ ناوی بۆکان حونجەی فارسی "بووکان"یان بەکار هێناوە و بەم پێیە دەبێ چاو بۆ وشەی Bukan بگێڕین و لە رێگەی یەکەم لاپەڕەوە بە دوای زمان، شوێنایەتی جوغرافیایی، و بابەتی تر دا بگەڕێین.

هەروەها بە زمانی ئاڵمانی و کوردی(سۆرانی و کرمانجی بە پیتی لاتین) لە ویکی پێدیادا زانیاریی لە سەر بۆکان هەیە کە بە کوردی"بۆکان" دەنووسرێ و بۆ ئاڵمانی و کوردی کرمانجی Bokan.

بەداخەوە ماڵپەڕەکە زانیاری زۆری لەسەر بۆکان تێدا گردوکۆ نەکراوە و داوای لە خوێنەران کردوە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە یارمەتییان بدەن. با هیوادار بین کە لە داهاتوودا لاوی پێگەیشتووی خوێندەوار و زمانزانمان بەم کارە هەستن. کەسانی وەک من و لە تەمەنی مندا واهەیە کەمتر ئەو دەرفەتەمان هەبێت کارەکە رابپەڕێنین.

http://en.wikipedia.org/wiki/bukan (بەزمانی ئینگلیسی)

http://de.wikipedia.org/wiki/Bokan ( بە زمانی ئاڵمانی)

http://ku.wikipedia.org/wiki/Bokan ( بە کوردی کرمانجی پیتی لاتین)